## راپۆرتی چەتری ئازادی: لەندەن

# لە پەرلەمانی بەریتانیا کێشەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان خرایەروو!



دوێنێ ١٢/١٢ لە ساڵرۆژی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا کۆبوونەوەیەک لەژێر ناونیشانی" ئازادیو مافە مەدەنیەکان لە کوردستانی عێراق" سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤو پێشێلکاریەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە باڵەخانەی پەرلەمانی بەریتانیا لە لەندەن بەرێوەچوو. کۆبوونەوەکە لەلایەن "چەتری ئازادی"یەوە سازدرابوو، بەرێز جۆن ماکدۆنێڵ ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر لیستی پارتی کار(لەیبەر) میوانداری کردبوو. شایانی گووتنە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکانی ئازادیخوازی ناو ڕەوەندی کوردیو بیانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

کۆبوونەوەکە لە لایەن گۆنا سەعید – ڕێکخەری "چەتری ئازادی"یەوە بەڕێوەبراو هەریەکە لە بەرێزان جۆن ماکدۆنێڵ – ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا، ئاسۆس هەردی – بەرێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، بەشدار عەلی – ڕۆژنامەنوس و برای گیان بەختکردوو " سەردەشت عوسمان "، موفید عبدالله – سەرنوسەری "کوردستان تریببون"و هۆزان مەحمود – نوێنەری دەرەوەی "ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق" قسەوباسیان پێشکەشکرد.

جۆن ماکدۆنێڵ لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئامانج لەبەستنی ئەم کۆبوونەوانە باسکردنە لە مەسەلەی مافو ئازادیەکانی خەڵک لە کوردستانو دەستنیشانکردنی ئەو پێشێلکاریانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێ بەوئومیدەی کۆمەک بکات بە باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان. ئاسۆس هەردی، کە لەکوردستانەوە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگێشتکرابوو، بە بەڵگەو ژمارە باسی لە پێشێلکاریەکان بەرامبەر بە ئازادیی رادەربڕین، هێرش بۆسەر نوسەرانو ڕۆژنامەنوسانو بلاوکراوەکان، تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانو گرتنو ڕفاندنی نوسەرانو نەیارانی سیاسی دەسەڵات کرد.
بەشدار عوسمان، نوسەرو برای سەردەشت عوسمان، کە ئەویش لە کوردستانەوە بۆ کۆبوونەوەکە بانگێشتکرابوو، وەکو برای یەکێک لە قوربانیەکانی تیرۆری دەسەڵات دژ بە نوسەرانو خنکاندنی دەنگی هاوڵاتیان، باسی لە نایەکسانیەکانی کۆمەڵگای کوردستانو زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانو فشارەکانی دوای تیرۆری سەردەشت بۆسەر خێزانەکەیان کرد.

موفيد عبدلله قسەکەرێکی دیکەی پانێلەکە ئاماژەی بە هۆکارە سەرەکیەکانی جێگیرنەبونی مافی مرۆڤ لە کوردستان کردو یەکێتی وپارتی وەکو دوو هێزێکی دەسەڵاتبەدەست، کە دەیانەوێ دەسەڵاتو حکومەت لەدەستی خۆیاندا قۆرخ بکەن، لەو مەسەلەیە بەرپرسیار کرد. هەروەکو ئاماژەی بەوەشکرد کە هەڵبژاردنەکانیشیان تەنها بۆ رتوشکردنی دەسەڵاتەکەی خۆیانەوهیچی تر. هۆزان مەحمودیش کە یەکێکی دیکە بوو لە قسەکەرانی پانێلەکە باسێکی دەربارەی بارودۆخی ژیانی ژنان لە کوردستان پێشکەش کردو ئاماژەی بەوەدا کە لە ماوەی حوکمڕانی ٢٠ ساڵەی ئەو دوو حیزبەدا هەزاران ژن تیرۆرکراون، سوتێنراون و یان ناچار بەخۆسوتاندن کراون. باسی لە کەلتوری پیاوسالاریو کۆنەپەرستانەکرد کە لەوماوەیەدا ژیاوەتەوەو قەسابخانەیەکی بۆ ژنان دروستکردوە. دوای قسەوباسی پانێلیستەکان کورتە فلیمێکی دۆکیومێنتەری لەسەر سەرکوتو هێرشی دەسەلاتداران بۆسەر خۆپیشاندەرانی بەهاری ئەمساڵی کوردستان نیشاندرا.

جێی سەرنجە گروپێکی سەر بە پارتی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوونو ئامانجیان ئەوەبوو رووی رەشی دەسەڵاتەکەیان سپی بکەنەوەو فەزای کۆبوونەوەکە تێکبدەن. ئەوەبوو سەرەتا نوسینێکیان بڵاوکردەوە بەناو ئامادەبواندا کە کۆمەڵێک درۆو بوختنایان بۆ هەریەکە لە بەرێزان جۆن ماکدۆنێڵو ئاسۆس هەردی هەڵبەستبوو. بەڵام لەلایەن پانێلیستەکانو لەناویاندا جۆن ماکدۆنێڵو ئامادەبوانەوە بەگشتی وەڵامی شایستەیان پێدرایەوەو پیلاکەیان پووچەڵکرایەوەو ئەوەندەی تر ریسوایییان کردە نسیبی دەسەلاتەکەیان!

بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە تەرخانبوو بۆ سەرنجو تێبینی بەشدرابوانو وەڵام و روونکردنەوەی پانێلسیتەکان. لە کۆتاییشدا ئامادەبوان بە زۆرینەی دەنگ دەنگیان بۆ"بەیاننامەی مافو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان" دا کە لەلایەن چەتری ئازادیەوە ئامادەکرابوو. هەروەکو جۆن ماکدۆنێلیش لە وەڵامەکەیدا بۆ بوختانەکانی دەستەکەی سەر بە پارتیو حکومەتی هەرێم بە راشکاوی پشتیوانی لەو بەیانەکردو ووتی کە ئەوە باشترین پرەنسیپێکە کە دەبێ بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان جێبەجێبکرێ.

بەمجۆرە هەروەکو چەتری ئازادی بەڵێنی دابوو چالاکیەکانی لە پێناو بەرگری کردن لە مافو ئازادیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان بەردەوام دەبێو لە هەموو شێوازێکی مەدەنیانەو خەباتکارانە کەڵک وەردەگرێ بۆ پەردە هەڵماڵین لەرووی پێشێلکاریەکانی دەسەلاتدارانی هەرێم بەرامبەر بە ئازادی سیاسی، تەنگەبەرکردنەوەی مافی رادەربڕین و رەخنەگرتن و رۆژنامەگەری.

**چەتری ئازادی/ لەندەن**

**٢٠١١/١٢/١٣**

chatre_azady@hotmail.com



## هاوپێچ:

**بەیاننامەی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان!**

**چەتری ئازادی گروپێکی ئەکشنە کە لەپێناو داکۆکی لە ئازادیو مافەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی ئازادیخواز لە بەریتانیا دامەزراوە. لەساڵیادی مافی جیهانیی مرۆڤدا ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوە وەکو "بەیاننامەی ئازادی"بەڕووی دەسەڵاتدارانی کوردستاندا کە خەڵکیان لە سەرەتایی ترین ئازادیە سیاسیو فەردییەکانیان بێبەشکردوە، ڕادەگەیەنێ. هاوکات هەوڵ دەدەین لەئاستی کۆمەڵگەی بەریتانیاو نێودەوڵەتیدا کاربکەین بۆبەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ ئەم بەیاننامەیە:**

**١–ئازادیی بیروڕا، ڕادەربڕین، نوسین، ڕەخنەگرتن،بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی مافی هەر ئینسانێکە لە کوردستانو دەبێ کەس لەسەر پیادەکردنی ئەم مافە ئازارو ئەشکەنجەو سزا نەدرێ.**

**٢–ئازادی چالاکی سیاسی ، ئازادی دەربڕینی بیروڕا و عەقیدەو هەڵوێستی سیاسی بەرامبەر بە دەسەڵات مافی ڕەوای هەر ئینسانێکە . نابێت هیچ کەس لەسەر پەیوەست بوون بە حزب و ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەری و کاری ئۆپۆزسیۆنی بەرامبەر بە دەسەڵات ،ڕوبەڕوی کوشتنو سزا و فشار و دەرکردن لەسەر کار ببێتەوە.**

**٣–ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتنو پەیوەست بوون بە نارەزایەتیەکان مافی هەر تاکێکە و نابێ هیچ کەسێک لەسەر ئەمانە توشی گرتنو ئازاردانو فشارو لەدەستدانی کار ببێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەناو رێکخستنی خۆپیشاندانەکانی هەرێم!**

**٤–هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو دامودەزگا میلیشیاییو سەروو یاساییانەی کە ڕاستەوخۆ بۆ سەرکوتی ئازادیەکانو نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان دامەزراون. قەدەغەکردنی بەکار هێنانی چەکو هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی سیاسی.**

٥–یەکسانی ژنو پیاو لە هەموو بوارە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان: لە فرسەتی کارو کرێو لەناو خێزاندا .قەدەغە کردنی هەموو فشار و توندوتیژیەک بەرامبەر بە ژنان لەسەر پیادەکردنی ئازادیەکانیانو هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە دژی ئازادی و یەکسانی ژنانن لەگەڵ پیاواندا .

٦– ئازادی باوەڕ بوون یان بێباوەڕی بەهەر دینێک مافی ڕەوای هەر تاکێکە. قەدەغە کردنی دەستێوەردانی دینی لەژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتیدا .

٧–نابێ هیچ کەسێک لە ٢٤سەعات زیاتر زیندانی بکرێ. تاوانبار بێتاوان هەژمار دەکرێ تا ئەوکاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ نەبوبێتەوە. قەدەغە کردنی فشار و شکەنجە لە زیندانو لەکاتی لیپرسینەوەدا . دادگاکان لە دەسەڵاتی حیزبی سەربەخۆ بکرێن .

چەتری ئازادی – لەندەن
Chatre_azady@hotmail.com
٢٠١١/١٢/١٢